


## مستەفا هیجری: تەقەکردن و سووکایەتیپێکردن بە کۆڵبەران ناخهەژێن و جێگای تێڕامانە

هەواڵی تەقەکردن لە کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵات لەلایەن هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق لە ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستان کە شەهید و برینداری لێ کەوتەوە، دوو ڕۆژ پاش بڵاوبوونەوەی دیمەنێک لە پێوەندی لەگەڵ سووکایەتی پێکردن بە ژمارەیەک لە کۆڵبەران، ناخهەژێن و لە هەمان کاتدا جێگای تێڕامانە.

ناخهەژێنە لەبەر ئەوەی بە سەدان و بگرە بە هەزاران کوردی بێدەرەتان و برسیکراوی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە جیاتی سەرشۆڕکردن لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە بە ناچاری پیشەی تاقەتپڕووکێن و پڕمەترسیی کۆڵبەرییان گرتۆتە بەر تا لەو ڕێگەوە پارووە نانێکی حەڵاڵ بۆ ماڵ و خێزانیان پەیدا بکەن، ساڵانە بە سەدان کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی پاسدارانی سەر سنووری ڕێژیمی ئێران دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، لەو بەری سنووریش لەلایەن برا کوردەکانیانەوە بەم شێوەیە شەهید و بریندار دەکرێن یان سووکایەتییان پێ دەکرێ. جێگای تێڕامانە لەبەر ئەوەی داخۆ دەسەڵاتدارانی ئەم دەڤەرە ئیزنیان داوە بە پاسەوانانی سنوور ئەم ڕەفتارە قیزەونانە دەرحەق بە برا لێقەوماوەکانی دەستی زۆرداری ڕێژیمی کوردکوژ بگرنە بەر «تەنانەت ئەگەر کارێکی خیلافیشیان کردبێ»؟! وەڵامی ئەو پرسیارە بەستراوە بە چۆنیەتیی لێپرسینەوە و سزادانی ئەو پاسەوانانەی سنوور و کۆتاییهێنان بە کوشتن و بێڕێزی کردن بە کۆڵبەران و هەر کەسێکی دیکە.

**مستەفا هیجری (٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٢)**

# کوردستان


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٦٤ | یەکشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ _ ٤ی فێوریەی ٢٠٢٤


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

## لە ٤٥ ساڵەی شۆڕشی ١٣٥٧دا

# کۆمەڵگەی ئێران لە کڵپەی شۆڕشێکی نوێ و جەماوەریی دیکەدا



## خالید عەزیزی:

## پێویستە خەسارناسیی ناڕەزایەتییەکان بکرێ و بزاندرێ وەک کورد لە کوێدا هەڵەمان کرد و لە چیدا وەپاش کەوتین

شۆڕشی ژینا ئەزموون و وانەی زۆری تێدا بوو و لە ئێستادا ئێمەی کورد پێویستیمان بە یەکڕیزیی پتر هەیە، دیارە لێرەدا زیاتر ڕووی قسەم لە حیزبە سیاسییەکانە، چونکی لە جەریانی شۆڕشی ژینادا خەڵک لە نێوخۆی وڵات یەکگرتوو بوون و لە هیچ شتێک درێخییان نەکرد کە جێگەی شانازی و پێزانینە، بەڵام حیزبەکان تا ڕادەیەکی زۆر تووشی پەرتەوازەیی ببووین. هۆکاری ئەوەش عەقڵییەتی تەسکبیریی حیزبییە کە بەداخەوە لەنێو جووڵانەوەی کورددا بووەتە کۆسپ و دەبێ هەمووان ئەو قۆناغە بەجێ بێڵین. ئێمە پێویستە بەسەر ئەو دابڕانەدا زاڵ بین و باوەڕمان بەوە هەبێت کە لە نێوخۆی ئێران دەتوانین بەسەر ئەو ڕێژیمەدا سەربکەوین، بۆیە دەبێ ناکۆکی و کێشەکانی خۆمان لە دەرەوەی سنوورەکان بەجێ بێڵین و بگەڕێینەوە نێو خەڵکی خۆمان و لە دەلاقەی دۆخی نێوخۆ و پێویستییەکانی ئەو دۆخەوە بۆ خەبات و پێوەندییەکانمان بڕوانین. لە شۆڕشی ژینادا هەستی نەتەوایەتی و کوردانەی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بەهێزتر خۆی نواند، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەم بزووتنەوەیە پێویستیی بە بەردەوامی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کاری سیاسی و کاری حیزبایەتی بێ ئیشکال نییە و ئێمە دەبێ خەسارناسیی ئەوە بکەین لە کوێدا هەڵەمان کرد و لە چیدا وەپاش کەوتین؟ ئەمن لاموایە ئیشکالێک کە هەموو لایەنێکیش دەگرێتەوە ئەوە بوو کە شۆڕشی ژینا هەموومانی خافڵگیر کرد، بەڵام بە حوکمی نیزیکیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان کڕییەوە. لە شوێنێکی دیکەش لەڕاستیدا ئێمە کۆمەگمان بە عەقڵییەتێک کرد لەنێو ئێرانییەکان کە ئیدارەی داهاتووی ئێران دەبێ حیزبەکان و بەپێی ڕێککەوتنەکان بیکەن نەک سێلیبریتیەکان و هەروەها لایەنە ئێرانییەکان فێر بکەین بیر لە سازماندەهی و خۆڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی بکەنەوە. ل٣

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات:

## مانگرتنی خەڵکی کوردستان دژبە لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانیان جێگای ڕێز و پێزانینە



ئەمڕۆ سێشەممە، ١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی، بەشێک لە شارەکانی کوردستان بە بەڕێوەبردنی مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکان، ناڕەزایەتیی خۆیان دژبە لەسێدارەدانی ٤ کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیان؛ پژمان فاتحی، موحسین مەزلووم، وەفا ئازەربار و محەممەد فەرامەرزی، دەربڕی.

ناڕەزایەتیی خەڵک دژبە لەسێدارەدانی ئەم چوار بەندکراوە سیاسییە کە درێژەی هەڵوێست و ڕەفتاری مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دژ بە دیکتاتۆری و سەرکوتکاریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە جێی خۆیدا نیشانەی خاوەندارێتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو لە خەباتی مافخوازانەی لەمێژینەی خۆیەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە لەسێدارەدانی چوارکەس لە ڕۆڵەکانی کورد و بە دوای ئەودا داسەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەر چەند کەس لە چالاکانی سیاسیی دیکەی گەلەکەمان پێی وایە دەتوانێ کۆمەڵگەی کوردستان ناچار بە پاشەکشە و بێدەنگی بکات، ئەمڕۆ بۆ جارێکی دیکە ئەو پەیامە لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی وەرگرتەوە کە هەروەک خەڵک لە خۆپیشاندانەکانی ڕابردوودا گوتوویانەتەوە؛ «هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ».

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنەوەی کردەوەی جینایەتکارانەی لەسێدارەدانی خەباتکارانی کوردستان، بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە مانگرتنەکانی ئەمڕۆی شارەکانی کوردستان و لەوە دڵنیایە کە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کار لە ئیرادەی مافخوازانەی تێکۆشەرانی کورد و ڕۆڵە خەباتکارەکانی ناکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٢**

## کوژران و برینداربوونی ٥٠ کۆڵبەر لە کوردستان تەنیا لە ماوەی مانگێکدا

لە یەکەم مانگی ساڵی ٢٠٢٤ی زایینیدا لانیکەم ٥٠ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون یان بریندار بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە یەکەم مانگی سەرەتای ساڵی زایینیدا ٦ کۆڵبەر کوژراون و ٤٤ کۆڵبەریش بریندار بوون. هەروەها، لانی کەم ٦ منداڵی خەڵکی سەقز، پاوە و جوانڕۆ لە کاتی کۆڵبەریدا کەوتوونەتە بەر دەستدرێژیی هێزە چەکدارەکانی ئێران. بەپێی زانیارییەکان زیاترین قوربانیی تەقەی سەرەڕۆیانەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیلامی لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای کرماشان تۆمارکراوە کە ٢٩ حاڵەت بووە.

ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی سەرکوت و کوشتوبڕی کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی ڕابردووی ٢٠٢٣ی زایینیشدا لانیکەم ٣٤١ کۆڵبەر لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە کوژرابوون و بریندار ببوون کە ٢٢ کەسیان تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بوو. بەپێی وردەکارییەکان لەو ٣٤١ کەسە، ٣٢ کەسیان بە تەقەی هێزە چەکدارەکان کوژرابوون و، ٣٠٧ کەسیشیان بریندار و و دوو کەسیشیان بێسەروشوێن بوون.


ئامادەکاریی دیکتاتۆر بۆ جێنشینیی کوڕەکەی — ڕەزا دانشجوو — ٧
پێویستیی ڕاستکردنەوەی بارە لارەکە — عەلی بداغی — ٨
بەشداری‌نەکردن چی دەگۆڕێ؟ — کەریم پەرویزی — ٩
پرۆژەی شکست‌خواردوو — ئاسۆ مینبەری — ٩
هەرەسی شۆڕشی ١٣٥٧ — مەنسوور مروەتی — ١١

# مستەفا هیجری:
# کۆماری کوردستان، بنیاتنانی ڕێبازێک بۆ دوارۆژی پرسی نەتەوەیی بوو



کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

**دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:**

دامەزرانی کۆماری کوردستان، نوقتەگۆڕانێکی گرینگی مێژووی سیاسیی کوردستان و کوردە. ئەم کۆمارە لەلایەک لە ئەنجامی گەشەی بیری سیاسی و بە دامەزراوەییکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی بنیاتێکی نیشتمانی هاتە کایەوە، لەلایەکی دیکەوە، بنیاتنانی ڕێبازێک بوو بۆ دوارۆژی پرسی نەتەوەیی. سەرباری هەلومەرجی ناسک و ئەو دۆخەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، ئەم کیانە نیشتمانییە، لە زۆر ڕووەوە جێی سەرنج و خوێندنەوەیە. ئەزموونی پڕ دەستکەوت بەڵام کورتماوەی کۆمار، دواتر بووە هەوێنی ڕوانگەیەکی کوردستانی کە لە بزووتنەوەی دێموکراتیک و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەشدا ڕەنگی دایەوە. لە ڕوانگەیەکی گشتیدا، کۆماری کوردستان هەوێنی گەشەی بیری نەتەوەیی و بەها مرۆیی و دێموکراتیکەکانە کە لە مێژووی کوردستان و تەنانەت ناوچەکەدا کەموێنەیە.

دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی، کۆماری کوردستان ئێستاش بۆ ئێمەی کورد سەرمایەیەکی مێژوویی و سەرچەشنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و هاوکات نەتەوەییە کە لە یادەوەریی نەتەوەکەماندا بە زیندوویی ماوەتەوە.

سڵاو لە حیزبی دامەزرێنەر و بنیاتنەری کۆماری کوردستان، پیرۆز بێت یادی دامەزرانی کۆمار لە خەڵکی بەئەمەگی کوردستان.

**مستەفا هیجری**
**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی**

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات:
# ئێعدامەکانی ئەم ماوەیە نیشانەی شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیم و تۆڵەکردنەوەی لە خەڵکی ئێرانە

**کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ!**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا و سەرەڕای بەردەوامیی گرتن، بێسەروشوێن کردن، ئەشکەنجەدانی چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، ژینگەیی و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سەپاندنی حوکمی درێژخایەنی زیندان؛ جارێکی دیکە و لە درێژەی شەپۆلە بەردەوام و هەمیشەییەکانی ئێعدامدا حوکمی داسەپاوی سێدارە لەسەر چەندین زیندانی لە بەندیخانەکانی کوردستان و ئێران جێبەجێ کران. هەر بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر و بەپێی ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٣ دا زیاتر لە ٨٠٠ زیندانی لە بەندیخانەکانی ئێران لەسێدارە دراون کە ئەم ڕێژەیە بە نیسبەت ساڵی ڕابردوو زیاتر لە سەدا ٥٣ زیادی کردوە، هەروەها لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی سەرەتای ساڵی زایینیدا نیزیک بە ٧٠ بەندکراوی دیکە ئێعدام کراون.

ئەگەرچی ئێعدام و مرۆکوژی بەشێک لە پێناس و سیاسەتی هەمیشەیی و نەگۆڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، بەڵام پەرەسەندنی توندوتیژیی حکوومەتی و ئێعدامە سیاسییەکان لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوتی پەرەئەستێنی ناڕەزایەتییەکان دژی حکوومەت هەیە. هەروەها بەپێی ئەزموونی مێژوویی هەرکات ڕێژیم لە سیاسەتی دەرەکی و هاوکێشە ناوچەییەکاندا تووشی شکست و بنبەست بووبێت، تۆڵەکەی لە خەڵک و کۆمەڵگە و ئازادیخوازانی نێوخۆی وڵات کردۆتەوە، وەک چۆن دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی تۆڵەی سەختی ئەوان تەنیا بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و کوشتنی ١٧٦ کەس خەڵکی بێتاوان بوو. لە ئێستاشدا ڕێژیم لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات لەسەر پاشخانی شۆڕشی ژینا و هەروەها شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەیانەوێ تۆڵەی ناکامییەکانیان لە خەڵک بەتایبەت خەڵکی ناڕازیی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بستێنێتەوە و؛ هاوکات بە چاوترسێنکردنی خەڵک، ترس و دڵەڕاوکێ و کەشێکی ئەمنییەتی و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ڕەشبگیر و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و بەردەوامیی ئێعدامەکان لە کوردستان و ئێران، داوا لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکات، بە چڕکردنەوەی گوشارە دیپلۆماسییەکانیان دژی کۆماری ئیسلامی و دانانی بەربەستی جۆراوجۆر لە بەردەم بەردەوامیی جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمەدا پێش بە سەرکوت و ئێعدامی خەڵکی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگرن و چی دیکە ئیزن نەدەن مافەکانی مرۆڤ ببنە قوربانی ساتوسەودا و بەرژەوەندییەکانی وڵاتان و تێچووی ئەو سەرەڕۆییانە لەسەر ڕێژیمی ئێران زیاتر بکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٤٠٢/١١/٦**

## ڕاگەیەندراوی حیزب لەبارەی:
# ئێعدامکرانی چوار بەندکراوی سیاسیی کورد

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!**

بە داخەوە چەند ڕۆژ دوای ڕاگەیەندراوی پێشووی حیزبی دێموکرات کە لەودا وڵاتان، کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە بەردەوامیی ئێعدامەکان لە ئێران وریا کرابوونەوە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، ٩ی ڕێبەندان (٢٩ی ژانوییەی ٢٠٢٣)، پژمان فاتیحی، موحسین مەزلووم، وەفا ئازەربار و محەممەد فەرامەرزی، چوار بەندکراوی سیاسیی کورد لەگرتووخانەی قزڵحەساری شاری کەرەج لەسێدارە دران.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هەموو ئامرازێکی سەرکوت و کوشتوبڕ و یەک لەوان ئێعدامی لە ئاستێکی بەرفراواندا و بە مەبەستی سەپاندنی کەشی ترس و تۆقان لە کۆمەڵگە و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانە ناڕەزایەتیی خەڵک بەکار هێناوە. بێگومان هەتا ئێعدامەکان و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بۆ ئەو ڕێژیمە هەروا کەم تێچوو بێت، ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی لەپێناو ڕاگرتنی دەسەڵاتە ناڕەواکەیدا هەروا لەسەریان بەردەوام دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئێعدامی ئەو چوار بەندکراوە سیاسییەی کورد و بەندکراوانی سیاسیی دیکەی ئەمدواییانە هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەکانیان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێت. هاوکات پێویستە بە کۆماری ئیسلامی بگوترێتەوە کە خەڵکی مافخوازی کوردستان و ئێران بە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و سیاسەتی سەرکوت و کوشتوبڕ چاوترسێن نابن و خەبات و تێکۆشانیان بۆ بەچۆکداهێنانی ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەبێت.

هەروەها جارێکی دیکەش داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکات، بە چڕکردنەوەی گوشارە دیپلۆماسییەکانیان دژی کۆماری ئیسلامی و گرتنەبەری ڕێکاری بەکردەوەی وەڵامدەر پێشی بەردەوامیی جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە خەڵکی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگرن.

**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی**

## کۆنگرەی نەتەوەکان و هاوپەیمانیی گشتگیر:
# لەسێدارەدانی چوار بەندکراوی سیاسیی کورد پەرەدان بە توندوتیژی دژی مرۆڤایەتییە

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و هاوپەیمانیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، وێڕای مەحکوومکردنی لەسێدارەدانی چوار بەندکراوی سیاسیی کورد داوای ڕاگرتنی خێرای سزای لەسێدارەدان لە ئێرانیان کرد.

لەم ڕاگەیەندراوەدا باس لەوە کراوە کە لە دوای ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانەوە ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی زاڵکردنی کەشی ترس لە کۆمەڵگە، دەستی بە کوشتنی خەڵک کردووە و بە کەڵکوەرگرتن لە فۆکوسی بیری گشتی لەسەر شەڕی غەززە، بەخێرایی خەریکی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا ئاماژە بە لەسێدارەدانی فەرهاد سەلیمی و محەممەد قوبادلوو لە ڕۆژی ٣ی ڕێبەنداندا کراوە کە تەنانەت ئیزنی دوایین چاوپێکەوتنیشیان پێ نەدرا.

لە درێژەدا باسیان لە لەسێدارەدرانی چوار بەندکراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی وەفا ئازەربار، پژمان فاتحی، محممەد فەرامەرزی و موحسن مەزلووم کردووە کە ڕۆژی دووشەممە، ٩ی ڕێبەندان لەلایەن ماشینی تێرۆری ڕێژیمەوە لە سێدارە دران.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و هاوپەیمانیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە کۆتاییدا ڕایانگەیاندووە: ئێمە ئەم جینایەتانە مەحکووم دەکەین و داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی مافی مرۆیی دەکەین بۆ وەستاندنی لەسێدارەدانەکان لە ئێران، بە زووترین کات کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشارەوە.

هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو ئێعدامانە لەلایەن وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان، ڕێکخراوی لێبوردەی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیەندراوێکدا زۆربوونی لەسێدارەدانەکان لە ئێرانی وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسیی ناڕازییان و نەتەوەکان بەتایبەتی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ لە قەڵەم داوە.

لەم پێوەندییەدا سەعید دێهقان پارێزەر و کارناسی دادوەریی ڕۆژانی ڕابردوو لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی لومۆندی پاریس وتی: "پاش هێرشی حەماس لە ١٥ی ڕەزبەری ئەمساڵ بۆ سەر ئیسرائیل و دەسپێکی شەڕ و هاوکات لەگەڵ پشتگوێخستنی جیهانیی سەبارەت بە دڕندەیی و لە سێدارەدانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژە و خێرایی لەسێدارەدانەکان لە ئێران زیادتری کردووە.

دێهقان جەختی کردبووەوە کە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، سەرکوتی ئاشکرا توانایەکی باشی بۆ ترساندنی خەڵک هەیە و ئێستا کە شەقامەکان هێمن بوونەتەوە باشترین کات بۆ تۆقاندنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ترسە.

